مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# اختلافات في مستويات اللغة بين مهنة ميكانيكي السيارات والأطباء

. م.م .كاظم حسيب نادر
kadhim.hasib@garmian.edu.krd
جامعة كرميان / كلية اللغات والعلوم الإنسانية/كلار

م.م نسرين نورى عبدالله
Nasrin.nuri@garmian.edu.krd
جامعة كرميان / كلية اللغات والعلوم الإنسانية/كلار

**الكلمات المفتاحية**: اللغة، اللهجة الاجتماعية، المهنة، علم الأصوات

**كيفية اقتباس البحث**

نادر , كاظم حسيب , نسرين نورى عبدالله , اختلافات في مستويات اللغة بين مهنة ميكانيكي السيارات والأطباء ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# Differences in language levels between Car mechanic occupation and doctors

**Kadhim Hasib Nader**
kadhim.hasib@garmian.edu.krd
**Garmian University / College of Language and Humanities/kalar**
**Nasrin Nuri Abdullah**
Nasrin.nuri@garmian.edu.krd
**Garmian University / College of Language and Humanities/ kalar**

**Keywords** : language, social dialect, occupation, phonetics

**How To Cite This Article**
Nader , Kadhim Hasib ,Nasrin Nuri Abdullah ,Differences in language levels between Car mechanic ,occupation and doctors ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

ملخص//
عنوان البحث: "الفروق في لغة ميكانيكي السيارات والطبيب على مستوياتٍ لغويةٍ مختلفة"؛ يتناول البحثُ كيفية تشكُّل الكلام وأنماطَه المتنوعة. اللغة وسيلة للتواصل الاجتماعي، ولذا فهي تتجلى بأشكالٍ متنوعة في بيئاتٍ مختلفة. ولهذا السبب، يختلف تطور اللغة وتغيرها في المجتمع باختلاف الزمان والمكان. فالفرد في مجتمع صناعي يختلف عن الفرد في مجتمع زراعي، ولكلٍّ منهما لغته أو لهجته الخاصة. تركز هذه الدراسة على علم اللغة الاجتماعي كفرعٍ مستقل من فروع علم اللغة، يُعنى بدراسة العلاقة بين اللغة والمجتمع، وتأثير العوامل الاجتماعية على تغيرات اللغة. ومن خلال مقارنة عملية لأنماط الكلام في مهنتين مختلفتين، هما ميكانيكي السيارات، وفني التركيب، والطبيب، على المستويات الثلاثة: علم الأصوات، وعلم الصرف، والمفردات، وعلم النحو، يتضح أن بيئة العمل، والحدود الجغرافية، والوضع الاجتماعي، تؤثر تأثيرًا مباشرًا على اللغة. ويخلص الباحث إلى أن اللغة ليست أداة معزولة عن المجتمع، وأن لكل مهنة لهجتها وثقافتها الخاصة
أقسام الدراسة: تتناول الدراسة محورين رئيسيين:
- المحور الأول: يركز على عدة موضوعات، منها: مفاهيم وتعريفات علم اللغة الاجتماعي، وأسباب نشوء أنماط الكلام، والاختلافات في أساليب التحدث المرتبطة بالمهن المختلفة.

• المحور الثاني: يتناول أسلوب الكلام في مهنة ميكانيكا السيارات على مستويات الصوتيات والمفردات والنحو، وكذلك أسلوب الكلام في مهنة الطب على المستويات ذاتها (الصوتيات والمفردات والنحو). كما يتضمن هذا المحور مقارنة موجزة بينهما، موضحة في عدة نقاط.

Abstract //

Title of the research: - The research is (differences in speech of auto mechanic and doctor in language levels) discussed the formation and different styles of speech. Language is a means of social communication, so it can manifest itself in many different ways in many different environments. This is why the change and development of language in society varies according to time and place. Therefore, a person in an industrial society is different from a person in an agricultural society. Each of these has its own language or dialect. This study focuses on sociolinguistics as an independent branch of linguistics that focuses on the relationship between language and society and the influence of social factors on language changes. Through a practical comparison of the speech patterns of two different professions such as car mechanic, fitter and doctor at all three levels (phonology), morphology, vocabulary and syntax, it is explained that work environment, geographical boundaries and social status have a direct impact He concludes that language is not an isolated tool from society and that each profession has its own dialect and culture

Sections of the study: The study consists of two themes:

•Topic 1: Focuses on several topics including (concepts and definitions of sociolinguistics, causes of speech patterns, occupational differences and speech differences.

• Topic 2: The speech style of the automotive mechanic profession at the levels of phonetics, vocabulary and syntax, as well as the speech of the profession of medicine at the levels of phonetics, vocabulary and syntax. The comparison between them is briefly explained later in several points.

## جیاوازی ئاخاوتنی پیشەی وەستاکاری ئۆتۆمبیل و پزیشک لە ئاستەکانی زماندا

م.ی .کاظم حسیب نادر

kadhim.hasib@garmian.edu.krd

زانکۆی گەرمیان / کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان/کەلار

م.ی . نەسرین نوری عبدالله

Nasrin.nuri@garmian.edu.krd

زانکۆی گەرمیان / کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان/کەلار

**پوختە//**

زمان ئامرازی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییە، بۆیە دەکرێ ئەم ئامرازە بە چەندین شێوە لە چەندین دەوروبەری جیاواز خۆی بنوێنێت. هەر لەبەر ئەمەشە گۆڕان و گەشەکردنی زمان لە کۆمەڵگە بەپێی کات و شوێنی جیاوازە. بۆیە کەسێک لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی جیاوازە لە کەسێک کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە. ئەمانە هەر یەکە بۆ خۆی خاوەنی زمانە یان زارێکی تایبەت بە خۆیان ئەم

لێکۆڵینەویە تیشک دەخاتە سەر زانستی زمانی کۆمەڵایەتی وەک لقێکی سەربەخۆی زمانەوانی کە دەپەرژێتە سەر پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگە و کاریگەری فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆڕانکارییەکانی زمان ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە کە ئاخاوتن و زمانی تاکەکان بەهۆی پێنج فاکتەری سەرەکی سەر هەڵدەدات کە بریتین لە رەگەز و تەمەن و کات و شوێن ئایین و پیشەی جیاواز. هەروەها لە رێگەی بەراوردکارییەکی پراکتیکی بۆ شێوازی ئاخاوتنی دوو پیشەی جیاوازی وەک وەستاکاری ئۆتۆمبێل فیتەر و پزیشک لەسەر هەر سێ ئاستی (فۆنۆلۆژی) دەنگسازی و (مۆرفۆلۆژی) وشەسازی و (سینتاکس) ڕستەسازی ئەوەش ڕوونکراوەتەوە کە ژینگەی کار و سنووری جوگرافی و باری کۆمەڵایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر بەرزی و نزمی ئاوازی دەنگ بەکارهێنانی وشە و زاراوەی تایبەت بە پیشەکە و تەنانەت داڕشتنی ڕستەکان سەرەنجام توێژینەوەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە زمان ئامرازێکی دابڕاوە نییە لە کۆمەڵگە و هەر پیشەیەک زار و فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆی هەیە

<u>کلیلە وشە</u> ( زمان ،زاری کۆمەڵایەتی ، پیشە، دەنگسازی ...هتد ).

پێشەکی

١.ناونیشانی توێژینەوە: - توێژینەوەکە بریتییە لە(جیاوازی ئاخاوتنی پیشەی وەستاکاری ئۆتۆمبیل و پزیشک لە ئاستەکانی زماندا) باس لە دروستبوون و شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتن کراوە.

٢ .بواری توێژینەوەکە:- لە توێژینەوەکەدا هەوڵ دراوە ئەو جیاوازییە دەستنیشان بکرێت کە بە هۆی جیاوازی لە پێشەکاندا دێتە ئاراوە، و هەر یەکەیان زمان و ئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

٣ .هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:- هۆکاری هەڵبژاردن ئەم ناونیشانە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە بتوانرێت زانیاریی زۆر و وردتر لەسەر ئەم بابەتە پێشکەش بکرێت .

٤ .ئامانجی توێژینەوەکە:- ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە تاوەکو لەم ڕووەوە ئاشنایی ئەو جیاوازییانە بین کە بە هۆی پێشەکانەوە دێنە ئاراوە و دەبنە هۆی پەیدابوونی شێوازی جیاوازی ئاخاوتن لە کۆمەڵگەدا.

٥ .کەرەستەی توێژینەوەکە:-زۆربەی زۆری نموونەکان لە ئاخاوتنی رۆژانەی ئاخێوەرانی ئەو دوو توێژە جیاوازەوە (پێشەی فیتەر وپێشەی پزیشکی) وەرگیراون، کە لە دوو شوێنی جوگرافیایی جیاوازدا بە دیالێکتی ناوەڕاست خراونەتەڕوو.

٦ .ڕێبازەکانی توێژینەوەکە:٠لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی (وەسفی / شیکاری) پەیڕەو کراوە، بە شیکردنەوەی نموونەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستدا.

٧ .گرفتەکانی توێژینەوەکە:- بوونی جیاوازی زۆر و تێنەگەیشتن لە ژینگەی هەردوو پیشە جیاوازەکە ئەوگرفتە بووکە وای لێکردین توێژینەوەی لەبارەیەوە ئەنجامبدەین بۆ سەڵماندنی ئەگەرەکان.

٨بەشەکانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکدێت:

- تەوەری یەکەم: تیشک خراوەتە سەر چەند بابەتێک لەوانە (چەمک و پێناسەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی دروستبوونی شێوازی ئاخاوتن، جیاوازی پیشە و جیاوازی ئاخاوتن.
- تەوەری دووەم: باس لە شێوازی ئاخاوتنی پێشەی وەستاکاری ئۆتۆمبێل کراوە لە ئاستەکانی دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازیدا، هەروەها ئاخاوتنی پێشەی پزیشکی لە ئاستەکانی دەنگسازیی و وشەسازیی و ڕستەسازیدا. دواتر لە چەند خاڵێکدا بە کورتی بەراوردی نێوانیان ڕوونکراوەتەوە.

١/١)چەمک وپێناسەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی

بێگومان هەموو زانستێک سەرەتا کە سەرهەڵدەدات بە شێوەیەکی گشتگیر هەمە لایەنە و ئەو لایەنە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات، سەرەتا زیاتر لەسەر گشتگیریی بابەتەکان، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و قۆناغ بە قۆناغ لقی تایبەتمەند و جیاواز و جۆراوجۆر لێدەبێتەوە کە دواتر وردە وردە دەبن بە زانستێکی

سەربەخۆ. ئەگەرچی لێکۆڵینەوە لە زمان سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی و فەلسەفیانە بووە، ئەمەش بەپێی سەردەمەکان گۆڕاوە تا گەیشتووەتە لێکۆڵینەوەکان تایبەتمەند بە خودی زمان و گشتگیر لە هەموو لایەنەکانی زمان لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی، ئایدیۆلۆژی، ئاینی، ئەمەش وای کردووە کە چەندین لقی جیاواز بۆ لێکۆڵینەوەی زمان و زمانەوانی سەرهەڵبدات.

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی کە زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بە سەرهەڵدانی ""ئەم زانستە کردووە، زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕاستی سالانی سەدەی بیستەم وەک زانستێکی سەربەخۆ لە لایەن (ڤێرس)و بە کاریگەری (مالینۆفسکی) دەربارەی دەوروبەر و دۆخ کە لەوێدا ئەنجام دەدرێت ناسێنرا. ئەم چوارچێوەیە بایەخیان بە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری قسەکردنی قسەکەردا، پاشان (پایک) لە سەرەتای پەنجاکاندا بە بەستنەوەی ئەو وشە و ڕێزمانەوە بە ڕووداو و بارودۆخی پەیوەندی بە قسەکەرانەوە بایەخی زانستی خستەڕوو""(ئاڵان محمد ئەورەحمان:٢٠١٥:ل١٠).

کەواتە دەکرێ بڵێین کە زمان هەرگیز دابڕاو نییە لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە ئەو دەوروبەرەی کۆمەڵگە کاریگەری و مۆرکی تایبەتی خۆی بەسەر زمانەوە بەجێدەهێڵێت. دواتر ئەوە خودی مرۆڤە بەپێی ڕەگەز و ناوچەی جوگرافی تێیدا هەڵسوکەوت دەکات، زمان چەکەرە دەکات و گەشە دەکات. ئەگەر لە چەند پێناسەی زمان بدوێین، ئەم زانستە بدوێین، ئەم چەند پێناسەی زمانە لە ڕاستیدا کە زمان...

چەمکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیە"" لە زمان لە ڕوانگەی زانستی کۆمەڵناسییەوە، یان پەیوەندیدارە بە شێوازی دەربڕین لە دەوروبەر و (سیاق)ە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان وەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و چینەکانی کۆمەڵگا و ڕەگەز و تەمەن و نیشتەجێبوون"" ( عبدالقادر علی الرزوقی:٢٠١٨:عدد٣٥:لا٩٩٦ ) هەر سەبارەت بەم زانستە دەگوترێت ""ئەو لقەی زانستی زمانە لێکۆڵینەوە دەکات لەو ئامرازانەی دەبێتە هۆی کارلێکردنی زمان لەگەڵ کۆمەڵگەدا و گۆڕانکاریيان ڕوون دەکاتەوە کە تووشی بنیاتی زمان دەبن لەپێناو فەرمانە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی زمان و ئاشکراکردن و دەستنیشانکردنی فەرمانە کۆمەڵایەتییەکان"" ( عبدالحمید بسعید:٢٠١٢-٢٠١٣:لا٢١ ). لە لایەکی ترەوە ""جەخت لە ڕێکخستن و بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کراوەتەوە لەوەی کە زارێکی هاوبەشە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ، کە هاوشێوەن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. ئەم هاوشێوەبوونە لە تەمەن و خوێندن و پیشە و چین و کۆمەڵایەتی و بارە ئابوورییەکان دەگرێتەوە""(محمد عفیف:٢٠١٧:لا٥٢) لەنێو بابەت و لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستە کۆمەڵێک بابەت و باسی توێژینەوەی جیاواز دەگرێتەوە، یەکێک لەو بابەتانە یان ئەو زاراوەیەی کە جێی باسی لێکۆڵینەوەی ئەم زانستە زاری پیشەییە کە هەر پیشەیەک زمانێک و ئاخاوتنێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

٢/١)هۆکارەکانی پەیدابوونی شێوازەکانی ئاخاوتن

هەر دیاریدەیەکی زمانی بە شێوەیەکی گشتی دیاریدەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار دروست دەبن. ئەو دیاریدانە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان وا دەکات شێوازی جیاوازی ئاخاوتنی ناوچەیی و پیشەیی بێتە کایەوە. سەرەنجام خۆیان لە شێوەی شێوەزارێکدا دەردەکەون، ئەوەش وا دەخوازێت بە وردی لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین.

١/ڕەگەز

لەبەر ئەوەی زمان وەک بوونەوەرێک تەماشا دەکرێت، بەردەوام لە گۆڕان و گەشەکردن و بەشێکە لە سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە ڕەگەز وەک یەکێک لە ڕەهەندەکانی دروستبوونی جیاوازی ئاخاوتن ئەژمار بکرێت. لەم بارەیەوە دەوترێت ""شێوەزمانەکانی جوگرافیایی، نەتەوەیی چینایەتی تا ڕادەیەک بەهۆی دابڕانی

کۆمەڵایەتییەوەیە، بەڵام شێوەزمانی ڕەگەزەکان بەهۆی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و چاوەڕوانی ڕەفتاری جیاواز لە ژنان و پیاوان دەکات. بۆ نموونە شێوەزمانی ڕەگەزەکان دەرخەری ئەم ڕاستییەن"" (ئالان محمد :٢٠١٥:لا١٧) کەواتە ڕەگەز هۆکاری جیاوازی شێوەی دەربڕینە وەک یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

٢/ تەمەن

ئاخاوتنی مرۆڤ لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی دی گۆڕانکاری بەسەردا دێت و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر. تەمەنی مرۆڤ لە ساوایی دەست پێ دەکات بۆ مێرمنداڵی و هەرزەکاری و تاکی پێگەیشتوو، بۆیە زۆرجار بە ڕوونی هەست بەو دەربڕینە دەکەین کە لە منداڵێک دەردەبڕێت و شێوازی لە گەورە جیا دەکرێتەوە. ڕەنگە لە ڕێگەی چاولێکردنییەوە بێت لە کەسانی لە خۆی گەورەتر، واتە شێوازی ئاخاوتنی کەسێک کە چل ساڵ دەژی زۆر جیاوازە لە شێوازی کەسێک کە هێشتا لە تەمەنی هەشت ساڵدایە، یان کەسێک لە تەمەنی هەشتا ساڵیدایە. چونکە زمان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە زۆرجار ئەگەر هاوتەریب نەبن زۆر لە یەک دوور نین. بۆ نموونە پیاوێکی هەشتا ساڵە ئەو وشانەی لە فەرهەنگی ئەو هەڵگیراوە ڕەنگە زۆرێکیان لەم سەردەمە پێویست نەبێت لە ژیانی ڕۆژانە بەکار بێت وەک( چیکنە، کەرکیت، خەنجەر ... هتد). لە بەرامبەردا ڕەنگە فەرهەنگی کەسە تەمەن منداڵەکە کۆمەڵێک وشە و زاراوەی سەردەمی تێدا بێت وەک( ئایفۆن و چات و شۆرت و پیانۆ.. هتد).

٣/ کات و شوێن

پێکەوە ناوهێنانی کە ئەم دوو زاراوەیە وەک یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کارتێکردنی زمان لە کات و شوێنی جیاواز هەڵگری ئەو پەیامەیە کە هەر چینێک لە چینەکانی کۆمەڵگە لە شوێنی تایبەتی خۆی شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی هەیە. لە هەمان کاتدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنییەتی ئاخاوتنی تاکە، بۆیە وتراوە ""هەر گۆڕانێک لە کات و شوێن ڕوو بدات کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی زمان دادەنێت. لێکۆڵەرانیش هەر لە زووەوە کاریگەری ئەم دوو چەمکەیان بە هەند وەرگرتووە و بە بایەخەوە لێیان ڕوانیوە""( فؤاد عبدالرحمن:٢٠٠٩:لا٥٥)واتە ئەو کات پێمان دەڵێت ئەو وشە و دەربڕینانەی ئێستا کاتێکی تر یان کاتێکی تر، هەروەها ئەو شوێنە وەک فاکتەرێک پێمان دەڵێت شوێنی دەربڕینی خۆشییەکانی هۆڵی پرسەکان نییە، یان گەشت و سەیران شوێنی دەربڕینی خەمباری و چارەگەس کردنەوە نییە.

٤/ ئایین

ئایین هەروەک چۆن لە زۆربەی بوارەکانی ژیان کاریگەری بەرچاوی هەیە و بە بەشێکی گرنگی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ ئەژمار دەکرێت، ئاواش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر دروستبوونی شێوەزارێکی تایبەتی زمان لە کۆمەڵگە. بۆ نموونە ""شاری مەککە وەک ناوەندێکی کلتووری و سیاسی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی بەهۆی بوونی کەعبە و پاشخانە فراوانەکەی، کورەیش و زمانەکەشی بوو بە زمانی ستاندارد یان زمانێکی ئایینی نموونەیی. هەروەها زمانی لاتینی بەهۆی ناوداری و هەیبەتی ڕۆماوە بووە بە زمانی فەرمی و فەلسەفی و شارستانی، کاری کردە سەر زمانەکانی دیکەش وەک زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی"" (ئالان محمد :٢٠١٥:لا٣٧) واتە ئایین بووەتە بەشێک لە چۆنییەتی شێوازی ئاخاوتنی تاکەکانی کۆمەڵ، بۆیە زۆرجار تەماشا دەکەین کەسێک کە دەدوێت بەپێ ئەوەی مێزەر لەسەری بێت یان عەبا لەسەر شانی بێت وەک مەلا ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی ئاخاوتنەکەیەوە و بەهۆی بوونی پاشخانێکی مەعریفی ئایینی لە فەرهەنگەکەیدا دەردەکەوێت.

٥/ پیشەی جیاواز

بە هەمان شێوە پیشە بە یەکێک لە هۆکارەکانی پەیدابوونی شێوەزاری کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن ئەژمار دەکرێت، بۆیە دەوترێت ""هەموو پیشەیەک دیالێکتی تایبەت بە خۆی هەیە و بە تایبەتی ئەو پیشانەی زاراوەی هونەری بەکار دەهێنن وەک پزیشک و سەرباز و حەلاق و ڕاوچی و ئەوانی تر کە هەموو زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە"" (عبداللە گەرمیانی:٢٠١٣:لا٨٢ )بوونی ئەم هۆکارانە لە

كۆمەڵگەدا جیاوازی چینایەتییەکانی وای کردووە تاکەکانی کۆمەڵ لە هەر دەورێکی گوێبیستی شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەتی ئەو ناوچە و دەوروبەر و پیشە جیاوازانە بن، هەر لە ڕێگەیەوە پەی بە جۆراوجۆرییەتی زمان و تایبەتمەندییەکانی دەبرێت. ""هەر لەبەر ئەمەش دەگوترێت بەبێ زمان کۆمەڵ دروست نابێت، کۆمەڵیش کاریگەری لەسەر زمان هەیە، چونکە هەموو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکان کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، کە ئەمانەن:

١- **کاریگەرییە جێگیرەکان** :بۆ نموونە (نەژاد، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی ، باگڕاوندی کۆمەڵایەتی،...هتد)

٢-**کاریگەرییە گۆڕدراوەکان** :خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئاخاوتن، مۆدێلی قسەکردن،...هتد)

٣-**کاریگەرییە هەنووکەییەکان / دەوروبەر** :ئەمەیان پەیوەستە بە باری کۆمەڵایەتی هەنووکەییەکانەوە (کارکردن،ماڵەوە، کۆمەڵی قسەکەران... هتد)""(هێمن عبدالحمید شمس:٢٠٠٦:١٧ )

٣/١)جیاوازی پیشە و جیاوازی ئاخاوتن

لەبەر ئەوەی زمان ئامرازی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییە، بۆیە دەکرێ ئەم ئامرازە بە چەندین شێوە لە چەندین دەوروبەری جیاواز خۆی بنوێنێت. هەر لەبەر ئەمەشە گۆڕان و گەشەکردنی زمان لە کۆمەڵگە بەپێی کات و شوێنی جیاوازە. بۆیە کەسێک لە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی جیاوازە لە کەسێک کە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییە. ئەمانە هەر یەکە بۆ خۆی خاوەنی زمانە یان زارێکی تایبەت بە خۆیان، بە تایبەتی لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی و دەنگسازیدا. بە تایبەتی لە ئاستی وشەسازی و دەنگسازی دواتر ئاستەکانی دیکەش بە ڕێژەی جیاواز.

مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بارودۆخ و کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی ناچار دەکات شێوازی ئاخاوتن وەک ئاخێوەرانی ئەو کۆمەڵە کەسە بێت کە لەو دەوروبەرە دیاری کراوە. پێکەوە هەڵسوکەوت دەکەن، کەوابێ هیچ کات نەبووە و نابێت کەسێک لە مامەڵە و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بکات، بەڵام شێوازی ئاخاوتن و دواندنی ناوچەیەکی دیکە بێت. چونکە لەو کاتەدا زمان تایبەتمەندی سەرەکییەکەی لەدەست دەدات کە بریتییە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، واتە دەوروبەر ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە سەپاندن و بەکارهێنانی ئاوازی دەربڕین و وشە، تەنانەت هەندێ جار ئەو ڕستانەش کە دەری دەبڕین جیاوازی بەرچاویان تێدا بەدی دەکرێت. بۆیە کاتێک کەسێک کە پزیشکە گومانی تێدا نییە ئاخاوتنی جیاوازە لە کەسێکی دیکە کە وەستاکاری ئۆتۆمبێلە، واتە هەر پیشە و کارێک زمانێکی تایبەتی هەیە کە ڕۆژانە پێداویستییەکانی پێ فەراهەم دەکرێت. جا ئیتر با زمانێکی گۆڕاویش بێت، واتە ئەو ئاخاوتنانە نەبێت کە لەگەڵ ماڵ و منداڵدا پێ دەدوێن. هەر بۆیە"" گۆڕانی زمان بە کاریگەری شوێن دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵگەش بۆ ئەمە بوونی دیالێکتی ناوچەییە. جیاوازەکان لە چوارچێوەی یەک زماندا دەکرێت لە دوو ڕوانگەوە گۆڕانی جوگرافی زمان دیاری بکرێن کە بریتین لە هێز و ئاواز و فەرهەنگ.ئەمەش بەو مانایە دێت کە زمان بەپێی سنووری جوگرافی هەم بە بەکارهێنانی وشە بۆیە کەرەستە دیاری کراوە، هەم جیاوازە لە ئاوازی دەربڕیند""(ئالان محمد:٢٠١٥:لا٣٥ )

هەر لەبەر ئەوەیە زۆرجار بەهۆی سنوورێکی دیاری کراوی ناوچەیەک شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەت دێتە کایەوە، دەکرێ بەم شێوازە بگوترێ زمانی تایبەتی هاوپۆلەکان کە لە ""زمانی عەرەبیدا بە ((لغات العامية)) ناوبراوە. جۆری زۆر و گۆڕانیشی بەسەردا دێت بەپێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێن و جێگەی جیاوازدا بۆ هەموو کۆمەڵ و کەسێکی تایبەتی خاوەنکار و پیشە جیاوازەکان. بۆ نموونە ئەو گشتییەی خوێندکار لەنێوان خۆیاندا پێ دەدوێن یان بەربەدوور یان کرێکارێکی کارگەیەک، هەروەک و (ستیف ئۆڵمان)([1]) دەڵێت ئەم کۆمەڵ جیاوازییانە خاوەنی دەربڕینی تایبەت بە خۆیان کە جیاوازە لە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

کۆمەڵی دیکە، تەنانەت لە ئاستی وشە و ڕستەشدا""(للغة والمجتمع: لا٢٠ www.pdffactory.com)

کەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە زمان پەیوەستە بە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە، بەڵام ئەم باسە چی"" پەیوەندییەکی بە زمانەوە هەیە؟ لە وەڵامدا دەبێ ئەوە بڵێین ئێمە پێی دەڵێین ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گونجاو، ڕەفتاری زمانەوانی گونجاو. ڕەفتاری زمانەوانی گونجاو واتە دیاریکردنی ئەوەی کە لە هەر بارودۆخێک چی شتێک دەگونجێت بگوترێت، چی شتێک ناگونجێت بگوترێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە دەبێ بگوترێت چی بڵێین""(هێرش کەریم:٢٠١٢:لا١٣١ ) بۆ نموونە کەی گونجاوە تۆ لە پرسەیەک دانیشتی باسی هەڵپەڕین و خۆشی دەربڕین بکەی؟ چونکە ئەو کەش و ژینگەیە لەبار نییە بۆ دەربڕینی هەستی خۆش و نوکتە و گاڵتەوگەپ. لە لایەکی ترەوە ئەگەر کارێکت هەبێت بە وشەی دەستەواژە بە قاڵێک قسەی بۆ بکەی داوای لێ بکەی نیو کیلۆ (لەحیم)ت بۆدەرگا یان پەنجەرەیەک بکات ناگونجاوە، بەڵکوو پێویستە بە زمانی پیشەکەی خۆی ئاخاوتن ئەنجام بدەی.

١/٢) ئاخاوتنی پیشەیی وەستاکاری ئۆتۆمبێل( فیتەر)

گومانی تێدا نییە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد دەوروبەرە جیاوازەکان زمان دێنێتە کایەوە. هەر شوێن و ناوچەیەکی دیاری کراو شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر بۆیە ناوچەی پیشەسازی کە هەم سنوورێکی دیاریکراوە هەم بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەکەی وا دەخوازێت ئاخاوتنی ئەو ناوچەیە جیاوازە و زمان یان زارێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. لە چوارچێوە گشتییەکەی زمان پێگەی خۆی هەیە، چونکە ڕۆژانە ئاخێوەرانی ئەم ناوچەیە جیاواز دەدوێن لە ناوچەی دیکە، تەنانەت لەو ئاخاوتنەی ماڵەوەیان. لەبەر ئەوە ئەم زارە تایبەتە بە پیشەکەیان لە کات و شوێنی دیاری کراو بەکاری دەهێنن. ڕەنگە کەم و زۆر لە دەوروبەرێکی دیکە هەست بە تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسە بکرێت کە سەرقاڵی پیشەی فیتەری یان چاککاری ئۆتۆمبێلە، بەڵام لە شوێنی کارەکەیان بەدڵنیایی مۆرکی ئەو زمانە بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت.

تەنانەت هەندێ جار تێنەگەیشتن بەهۆی ناشارەزایی کەسێک لە وشە و زاراوە تایبەتەکانی پیشەکە دێتە کایەو. ئەم جیاوازییە خاوەنداری زمانی لە چەند ئاستێکی زمان بە ڕوونی دیارە.

یەکەم/ ئاستی دەنگسازی:-لەم ئاستەدا کۆمەڵێک جیاوازی لەنێوان زارەکانی هەر زمانێک بەدی دەکرێت، چی لە ڕووی توانەوەی دەنگ یان زیادکردن و جێگرتنەوە و جێگۆڕین. ئەمە بۆ سێگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان بۆ سەرووی سێگمێنتەکان وەک هێز و ئاواز و زرنگ بە هەمان شێوەیە. لێرەدا زیاتر هەست بە تایبەتمەندییەکانی زاری پیشەییەکان دەکرێت بە تایبەتی لە ڕووی ئاوازەوە. ئەگەر هەر یەکە لە ئێمە ڕوو لە شوێنکاری ناوچەیەکی پیشەسازی بکەین کۆمەڵێک ئاوازی جیاوازمان بەرگوێ دەکەوێت کە جێگەی تێڕامانی مرۆڤە و سەلمێنەری بەرهەمداری پەیڕەوی زمانەکەیە چۆن لە کات و شوێنی بارودۆخە جیاوازەکاندا مۆرکی ئەو ناوچەیە پێوە دیارە. ئەمەش لە چەند لقێکدا خۆی دەنوێنێت.

ا/ بەرزی ئاوازی دەربڕین

لە ئاستی دەنگسازیدا هەمیشە دەربڕینەکان لە لایەن ئاخێوەرانی ئەم ناوچەیە بە ئاوازێکی بەرز دەردەبڕن، ئەمەش هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کە پڕ لە ژاوەژاوە و مرۆڤ ناچار دەکات بە ئاوازێکی بەرزتر گوزارشت لە بۆچوونەکانی گوزارشت و بۆچوونەکانی دەربڕێت. هەر بۆیە زمانەوانان چەند پێوەرێکیان بۆ شێوازی دەربڕین دیاری کردووە، یەکێک لەو پێوەرانەی کە پەیوەندی بە ئاواز دەربڕینەوە هەیە بریتییە لە پێوەری دەنگی کراوە. گەلێک جۆر قسە لەم پێوەرە دەبینرێت، لە نموونەی ئەمانەش دواندنی بانگەوازکارە ئایینییەکان و پیاوانی سیاسەت کاتێک بۆ جەماوەر دەدوێن، بە تایبەتی لە شوێنە کراوەکاندا یان لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا. دەتوانرێ بگوترێ ناوچەی پیشەسازی شوێنێکی

كراوەیە دەبێتە نموونەیەک بۆ ئەم جۆرە پێوەرەش، ئەمەش بۆ خۆی خاڵی جەوهەری جیاوازییە لەگەڵ خاوەن پیشەکانی دیکەدا بۆنموونە:-

١- ئەو پارچانە ببەستە تا ئێوارە نەبووە (دەربڕین بە ئاوازێکی بەرز). (٢)

٢- برغوو نەتی هەژدە بێنە بۆ دەرجە کلاچەکە (دەربڕین بە ئاوازێکی بەرز)

٣-بچۆ لای وەستای دیاری تۆرنە یا بە تۆرنەی لیدا، تا بنشێتە شوێنی خۆی (دەربڕین بە ئاوازێکی زۆر).

ب/ کورتکردن و زیادکردن و گۆڕینی دەنگ

بە زۆری هەستی پێ دەکرێت، ئەمەش زیاترە بەهۆی سەرقاڵی و کەمی کاتەوە ڕوو دەدات، زۆرجار دەنگی تایبەتی خێڵ و گرووپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی دیکەش تێدا یەک دەگرێت، دواتر دەبێتە شتێکی ئاسایی و باو. بۆ نموونە:-

١-(چەمەڵەغی لای ڕاسۆ دوو بست چاککەرەوە) لێرەدا ڕاستی ڕستەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: چەمەڵەغی لای ڕاست دوو بستی چاک بکەرەوە. دەنگی (ت) گۆڕاوە بۆ( و) لەبەر لابردنی (ب) زیادکردنی (و)

٢-(وەستا شووتەکەیشم کردەسۆ) ڕاستی ئەم ڕستەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:( وەستا شووتەکەم کردووە.زیادکردنی دەنگی (ی ، ش ، س ، ۆ)

دووهەم/ئاستی وشەسازی

ئەم ئاستەی زمان بە یەکێک لە خاڵی جیاوازی نێوان خودی زمان دادەنرێت، لەبەر ئەوەی هەر زمانێک چەند زارێکی لێ دەبێتەوە. ئەمەش وا دەکات هەر زارێک یان شێوەزارێک کۆمەڵێک وشەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بە تایبەتی لە بەشە ئاخاوتنی ناو کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە زماندا و لەم ئاستەدا زمان ئەو وشە و زاراوانەی لە وەستا و شاگرد و دەستکارانی ناوچەی پیشەسازی دەبیسترێ زۆر جیاوازە و تەنانەت لەنێو ئەوانیشدا هەر یەکە بەپێی کار و چاککاری ئەنجامی دەدات وشە و زاراوەی جیاوازە. واتە وەستای جامچی ئۆتۆمبێل کۆمەڵە وشە و ناوێکی تایبەت بە خۆی هەیە جیاوازە لە فیتەر، ئەو وەستایەی کە کار لە بزوێنەر و بەشەکانی دیکەی دەکات، پەنچەرچییەک جیاوازە لەوانی دیکە یان ڕۆنگۆڕیک ...هتد، سەرەڕای ئەمەش دەکرێ بە دوو خاڵ ئاماژەی پێ بکرێت کە بریتین:- لە

١/وشە تایبەتییەکانی پیشەکە

گومانی تێدا نییە ئەو وشە و زاراوانەی کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنن تایبەتن بە خۆیان و جیاوازە لە ڕووی واتاوە. ئەگەر هەمان وشەی ئەوان لە شوێنێکی دیکە بەکار بێت واتای دیکە دەبێت. بۆ نموونە (تەپلە، مشت، لوقمە، کێچمە، عەتەر، نەت...هند هەر یەکە لەم وشانە واتای تایبەتی هەیە و هەروەها ژمارەکان هەندێ جار لە ژمارەکان واتا ڕستەیەکی تەواو دەگەیەنێت وەک نموونەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

١-(چواردەکە بهێنە) ئەم دەربڕینە ڕاستە لە دوو وشە پێک دێت بەڵام لە بنەڕەتدا دەکرێ ئەم ڕستەیە (لوقمەی ژمارە چواردە بهێنە )یان (ئسپانەی ژمارە چواردە بهێنە)

٢-( قەپاتکە یان بۆی بشێلە) ئەگەر لەم دوو وشەیە ورد بینەوە کە ئەمە تایبەتمەندی ناوچەی پیشەسازییە بە دوو وشەی واتای زۆر گەیاندووە( قەپاتکە) یا (بۆی بشێلە) بە واتای ئەوە دێت (پێت لەسەر بەنزین بە تەواوی دابنێ )یان( بەنزینی زۆر پێ بدە) هەر یەکە لە واتا و دەلالەتی تایبەت زیاتری هەیە لەوەی کە ئێمە تایبەتمەندییانە وای کردووە دیالێکت پەیدا بێت بەناوی ئەوەیە"" کە خاوەن پیشە جیاوازەکان یان پیشەسازەکان، دارتاشەکان، نەخشەسازەکان، ڕاوکارەکان بە شێوەیەکی تایبەت یان پیشەسازەکان، دارتاشەکان، نەخشەسازەکان، ڕاوکەرەکان بە شێوەیەکی تایبەت قسەی پێ دەکەن"" ( ئیبراهیم عزیز:٢٠٠٦ل:لا٢١٠) پێشتر ئاماژەی پێکرا هەر یەکە لەو وشە و زاراوانە تایبەتن بە شوێنێکی دیاریکراو.

٢/ وشە تابووکانی زمان

وەک ئاشکرایە لە هەموو زمانێکدا کۆمەڵێک وشە و دەربڕین هەیە پێیان دەوترێت وشەی تابوو، زۆر جار دابونەریت کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەبەردەم دەربڕینیان،بەڵام لە هەندێ شوێندا بەهۆی نەبوونی سانسۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە جۆرێک لە ئازادی بەکارهێنانی وشە تابۆکان دێتە کایەوە، یەکێک لەو ناوچە و شوێنانە ناوچەی پیشەسازییە کە ئەم وشە و دەربڕینانە بە زۆری بەر گوێ دەکەون لە لایەن وەستا و شاگردەکان بە ڕوونی و ئاشکرایی دەستی پێ دەکرێت. ئەم بەکارهێنانی دەربڕینە تابویانە لەم ناوچەیە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە تاک ڕەگەزی، واتە تەواوی کارکەرانی ئەم ناوچەیە بە تایبەتی لە وڵاتەکەی خۆمان تەنها پیاو یان ڕەگەزی نێرن. یان گوێ نەدان بە بەها و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەست یان مەبەستی گاڵتە و کات بەسەربردن، یان بەهۆی بوونی جیاوازی لە تەمەن، وەستایەک هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لەو ژینگەیە هەڵسوکەوتی کردووە هەرچی بە دەمدا هاتبێت ئێستاش بۆی ماوەتەوە و بۆیە کاتێک وەستا دەبینێت شاگردەکەی هەڵەیەک یان شتێکی بیری چووە لە کارەکەی ڕاستەوخۆ کاردانەوەی وەستا بەکارهێنانی هەندێ دەربڕین و وشەی نەشیاو و تابۆی کۆمەڵگایە کەچی شاگردەکە بە ئاسانی وەری دەگرێت. بۆ نموونە( ئەی حیز، سەگباب، دایک حیز، خوێڕی، قۆندەرە، کەری کورکەر...هتد) ئەمانە لە زۆربەی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە و شوێنە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوێستی ئاسایی بە ئەستەم گوێت لێ دەبێت کەچی لێرە زۆر بە ئاسانی بەر گوێ دەکەون.

سێهەم/ئاستی ڕستەسازی

زۆر جار ئەو جیاوازییانەی لە نێوان زارەکانی زمانێک ڕوو دەدات کەمتر بەر ئاستی ڕستەسازی دەکەوێت، بە تایبەتی ئەگەر هات و پەیڕەوی زمان تا ڕادەیەک یەکگرتوویی خۆی پاراست، بەڵام بەهۆی جیاوازی و پێگە کۆمەڵایەتییەکان لە زۆر شوێن و کاتی جیاواز ئەو جیاوازییانە هەست پێ دەکرێن کە بناغەی ڕستەکان، ڕیزبوونی کەرەستەکان لە نێو جێکەتەکانیان پاش و پێش پێ دەکرێت، هەندێجار بەهۆی نەشارەزاییەوە، بەڵام زۆر جار سروشتی شوێنەکە و دەوروبەرە جوگرافییەکەی کە ئاخێوەری تێدایە بەسەریدا دەسەپێنێت، بۆیە زۆر جار ڕستەی جۆراوجۆرمان بەرگوێ دەکەوێت، چی لە ڕووی کات و دەمەکانی کاتەوە بێت یان لە ڕیزبەندی کەرەستەکان یان زیاتر گوێمان لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا، دەبێت تا گوێمان لە سینتاکس بێت بۆ نموونە

١- (هێنام من یان هاوردیانم) لەڕاستیدا ئەم ڕستە لە بنەڕەتدا بریتییە لە( من قۆڵاغەکانم هێنا بۆ وەستا یان (من قۆڵاغەکانم بۆ وەستا هێنا) بەڵام پیشەکە وا دەخوازێت بە کورتی و بە تێگەیشتنێکی تەواو ڕستەکان دەربڕن.

٢- (بڕدیوەتی کامەران، وەستا ئازاد) دەکرێ بنەڕەتی ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی پرسیاری بووبێت و (وەستا ئازاد) پرسیارکەر بێت، بەڵام (وەستا نەبەرد) وەڵام دەداتەوە لە جیاتی ئەوەی بەم شێوازە بڵێت (وەستا ئازاد کامەران بردیوەتی) شێوازی یەکەم بەکار هێناوە.

٢/٢)ئاخاوتنی پیشەی پزیشکی

هەر وەک لە باسەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکرد دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوانیاندا دیالێکتە پیشەییەکان بۆ هەر چین و توێژێک لە توێژەکانی کۆمەڵ هەڵگری سیفەت و گەلێکی تایبەتن لە شێوازی دەربڕین. پیشەی پزیشکی کە یەکێکە لەو پیشانەی یان پسپۆڕییانەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە بەرکەوتنی بەردەوامی ڕۆژانەدایە، ئەمەش بۆتە ڕایەڵی پەیوەندی لەگەڵ( خوێندەوار و نەخوێندەوار و پیر و لاو و ئافرەت و پیاو و ڕۆشنبیر و نارۆشنبیر و سەرکردە و هاووڵاتی)..هتد یان دەکرێ بڵێین سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ کەم تا زۆر درەنگ یان زوو پێویستی بە پێداویستییە تەندروستییەکان ناچاری کردووە یان دەیکات کە ڕوو لە کلینیکی پزیشکی بکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێ بوونی ئەو شێوازە ئاخاوتنەیە کە پزیشک و کارمەندانی ئەو کلینیکە پێ دەئاخفن، ئەگەرچی هەموو ئەوانە تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەن، بەڵام بەهۆی تایبەتمەندی کار و

پیشەکەیان ئاخاوتنی سەر کارەکەیان جیاوازە لەو ئاخاوتنەی کە لە ماڵەوە پێ دەدوێن، چونکە زمانی پزیشکی تایبەتمەندی خۆی هەیە و زۆر جار لێکتێنەگەیشتن دێتە ئاراوە لە نێوان پزیشک و نەخۆشەکان، ئەمەش وا دەخوازێت جۆرێک لە تێکەڵاوی لە نێوان دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدات و هۆی سەرەکی ئەم جیاوازییە بۆ ئاستی خوێندەواری یان نەشارەزایی زمان نییە، بەڵکوو سەلمێنەری ئەوەیە کە زمانی پزیشکەکان پێویستی بە بوونی مەعریفەیەکی تەواوی زانستی پزیشکی هەیە تا لە وشە و زاراوە و ناوی دەرمان و شێوازی چارەسەرەکان تێبگەن.

هەروەها لەگەڵ بوونی ئەو بەش و پسپۆرییە جیاوازانەی نێو کەرتی تەندروستی گومانی تێدا نییە وشە و زاراوەی جیاواز لە نێوان ئەوانەشدا بەدی دەکرێت، هەر یەکە بە پێی پسپۆڕی خۆی. بۆ نموونە ئەو وشە و زاراوانەی کە پزیشکێکی چاو بەکاری دەهێنێت زۆر جیاوازە لە پزیشکی هەناسە یان ئێسک و شکاوی، بۆیە زۆر جار لە نێو خۆیاندا ڕاوێژ بە یەکدی دەکەن. جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی پزیشکان لە هەر سێ ئاستی دەنگسازی، وشەسازی و سینتاکسدا پێ دەکرێت وەک لە خوارەوە تیشک خراوەتە سەر.

یەکهەم/ئاستی دەنگسازی

ئاشکرایە دەربڕین، بەرز و نزمی دەنگ لە ئاخاوتنی ڕۆژانە کۆمەڵێک لێکدانەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت لە زمانەوانی و زمانەوانان لەو باوەڕەدان کە دەربڕین بە ئاوازێکی بەرز یان نزم یان مامناوەند ""بە پێی کات و شوێن و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت""( عبدلواحید موشیر و ئەوانی تر ٢٠١٥:لا١٣٤). بۆیە کاتێک پزیشکێک لە شوێنی کارەکەی لەگەڵ کارمەندی کلینیکەکە یان نەخۆشەکە یان نەخۆشخانەکە دەدوێت تا ڕادەیەک زۆر هەست بە نزمی ئاوازی دەربڕینەکەی دەکرێت بە پێچەوانەی پیشەکانی دیکە بە تایبەت وەستاکاری ئۆتۆمبێل. هۆی نزمی ئەم دەربڕینە دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگی ئەو ژینگەیەی کە پزیشکەکان کاری تێدا دەکەن.

هەروەها ئەوکەسانەی سەردانی پزیشک دەکەن هەم لە ڕووی جەستەیی و هەم لە ڕووی دەروونی پێویستییان بە هێمنی و ئارامی و دڵنەوایی و گوێ لێ گرتن هەیە، بۆیە زۆر جار دەبینین پزیشک بەوپەڕی نەرمی و لەسەرخۆیی ڕێنماییە تەندروستییەکان بە نەخۆش دەگەیەنێت یان لە کاتی بوونی هەر داواکارییەکی پێویست لە کارمەند و هاوکارەکانی هاوار ناکات، تەنانەت دەنگ هەڵبڕین زۆر بە کەمی هەستی پێ دەکرێت، زۆربەی کاتەکان بە زەنگێک بانگی کارمەندەکە یان سکرتێرەکەی دەکات، ئەمەش جۆرێک لە زمانی تایبەت بەو شوێن و جوگرافیایەی کە پەیوەستە بە سەلامەتی و تەندروستی مرۆڤەوە. لەگەڵ هەر بارودۆخ و پێشهاتێکدا دەبینین کە شێوازی دەربڕینی پزیشکەکان هاوار و دەنگەدەنگی تێدا بەدی ناکرێت. ئەم نزمی ئاوازی دەربڕینە تەنها پزیشکەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەو کەسانەی وەک نەخۆش یان مراجع یان چاودێری نەخۆش ڕوو لە کلینیکە پزیشکییەکان دەکەن بە هەمان شێوە ئاوازێکی نزم دەدوێن لە کاتێکدا لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە هاتوون، بەڵام ژینگەی ئەو ناوچەیە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وا دەخوازێت بەو شێوازە بدوێن. بۆ نموونە:-

١-( فەرموو بچۆ ژوورەوە) دەربڕین بە ئاوازێکی نزم.(٣).

٢-(دکتۆر گیان چەند شەوێکە لە تاو ئازاری شانم نەخەوتووم) دەربڕین بە ئاوازی نزم یان مامناوەند.

٣-( لە دەرمانخانەکەی خوارەوە ئەم دەرمانانە وەربگرە و وەرەوە بۆ لام)، دەربڕین بە ئاوازێکی نزم

٤- (سەنا خان بە فلان نەخۆش بڵێ با چەند سەعاتێک چاوەڕوان بێت) دەربڕین بە ئاوازی نزم ئەم و چەندین ڕستەی دەربڕینی دیکە گوێمان لێ دەبێت لە کاتی سەردانی کلینیکی پزیشکەکاندا.

دووهەم/ئاستی وشەسازی

وەک پێشتریش ڕوونمان کردوە ئەم ئاستانە بە شادەماری جیاوازی فەرهەنگییەکانی زمان دادەنرێت، چونکە هەر پیشە و پسپۆرییەک خاوەنی سەدان و هەزاران وشە و زاراوەی تایبەت بە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

خۆیانە، واتە زمانحاڵی پزیشکەکان فەرهەنگێکی پزیشکییە، هەر وەک چۆن جووتیارەکان خاوەن فەرهەنگی کشتوکاڵی تایبەت بە خۆیانن یان ئاسنگەرەکان یان هەر پیشە و پسپۆڕییەکی دیکە. کەواتە ئەو وشە و زاراوانەی پزیشکان لە بوارەکەی خۆیان بەکاری دەهێنن چی لە ناوی دەرمان و نەخۆشییەکان بێت تایبەتە بە خۆیان و لەگەڵ ئەوەی کە شێوازی ئاخاوتنی پزیشکەکان جۆرێک لە هاوبەشی لە نێوان زمان لە نێوان خۆیان دێتە کایەوە، واتە دەرمانێک کە بە ناوی زانستییەکەی خراوەتە ڕوو چی لە ئینگلتەرا بێت یان ئەڵمانیا یان هەر وڵاتێکی زمانییەکی دیکە هەموویان بە یەک ناو دەرمانەکە دەناسنەوە، جا ناوی کۆمپانیایەکە بێت یان ناوی دەرمانەکە بێت، بۆیە هاوبەشییەکی زۆر بەدی دەکرێت کە ئەمەش کۆمەڵێک وشە و ناوی دەرمانەکە زۆرمان لە بواری پزیشکی وەک(( ئامۆکسیلین، ئەمپیکلۆکس، ڤۆلتارین، گاباپێنتین، ڤیتامین، زانتاک... هتد)) یان کۆمەڵێ ناوی نەخۆشییەکان(( شێرپەنجە، تالاسیمیا، سەرئێشە، جەڵتە، قورحەی گەدە، پەستانی خوێن)) ئەمانە کۆمەڵە وشەیەکی تایبەت بەو ژینگە و جوگرافیایە دیاریکراوەی کە پزیشکان کاری تێدا دەکەن زۆر جیاوازن لە وشە و زاراوەکانی پیشە و پسپۆڕیی دیکە.

سێهەم/ئاستی ڕستەسازی

زۆربەی زۆری ئەو ڕستانەی پزیشکەکان گوێمان لێ دەبێت تا ڕادەیەکی زۆر ڕستەی سینتاکسی ڕێکخراون، کەمجار گوێمان لێ دەبێت پزیشک بە ڕستەی مۆرفۆسینتاکس گوزارشتەکانی دەربڕێت، بۆیە کاتێک ئەم دەربڕینە دەبیستین هەست دەکەین ئەم ژینگەیە خوازیاری ئەم جۆرە ڕستەیەیە، واتە ناکرێت پزیشکێک بە شێوەیەکی کورت بێ ڕوونکردنەوە ڕێنماییە تەندروستییەکان بە نەخۆشێک بگەیەنێت، بەڵکوو پێویستە زیاتر لە پیشەکانی دیکە پێویستی بە ڕوونکردنەوە و گفتوگۆی زیاتر هەیە تا پزیشک لە بارە نائاساییەکان نەخۆش تێبگات، ئەمەش وای کردووە ئەم زمانی پزیشک جیاواز بێت و زیاتر زۆربەی کات کورتبڕین، ئابووری کردن لە زماندا لای ئەم توێژە بوونی نییە، ڕەنگە هۆکارەکەش هەر ئەوە بێت کە کار و پیشەکەیان پەیوەستە بە گیان و تەندروستی مرۆڤەوە. ئەمەش چەند ئاخاوتن و ڕستەیەکی پزیشک و نەخۆشەکانە بۆ نموونە:-

١-( نەخۆشیەکەی بەڕێزتان چارەسەری ئاسانە)

٢-( ڕۆژانە پێویستە سێ جار ئەم دەرمانە بەکار بهێنیت)

٣- (دوای تەواوبوونی دەرمانەکان پشکنینی دیکە ئەنجام بدە)

٤-( ئەم دەرمانە نابێت ڕۆژانە لە یەکجار زیاتر بەکار بهێنرێت)

٥- (تا ئێستا چەند جار شۆردنی گورچیلەت بۆ ئەنجام دراوە؟)

ئەگەر سەیری ئەو ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین کۆمەڵێک وشە و دەربڕینی تایبەتی تێدایە کە تەنها لەو دەوروبەرە بەکار دێت. زۆرجیاوازە لەو ڕستە و ئاخاوتنانەی کە کەسێک لە بازاڕ و قوتابخانە یان مەلای مزگەوتێک یان هەر چین و توێژێکی دیکە بەکاری دەهێنێت ،کەواتە زمانی مرۆڤ ئامرازێکە بە پێی بارودۆخ و شێوازی گوزارشت و گەیاندنی دەگۆڕێت و هەموو ئەو شێوازانەش تایبەتە بە چینێک لە چینەکانی کۆمەڵگا.

٣/٢)بەراوردی ئاخاوتنی نێوان پیشەی وەستاکاری ئۆتۆمبێل (فیتەر) و پزیشک

أ/ خاڵی هاوبەش:- ڕەنگە خاڵی هاوبەشی زمانی ئەم دوو چینە جیاوازە کۆمەڵایەتییە زۆر کەم بێت، تەنها هاوبەشی لە نێوانیاندا بەدی بکرێت بریتییە لە پەیڕەوە گشتییەکەی زمان کە لە هێڵە گشتییەکاندا لە یەکەوە نزیکن وەک ژمارەی دەنگەکان و یاسا مۆرفۆلۆژییەکان.

ب/ خاڵی جیاوازی نێوان هەردووپیشەکە

ئاخێوەرانی هەردوو پیشەکە یا هەردوو چینە کۆمەڵایەتییەکە لە شێوازی ئاخاوتن زۆر جیاوازی بەدی دەکرێت، بۆیە هەوڵ دەدەین بە پێی توانا لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بەو جیاوازییانە بدەین.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

١/ له ئاستی دەنگسازی جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێت له ئاوازی دەربڕین به جۆرێک ئەو ئاوازەی له وەستاکارێکی ئۆتۆمبێل گوێبیستی دەبین ئاوازێکی زۆر بەرزه، بەڵام ئەو ئاوازەی که له پزیشکێکەوە گوێمان لێ دەبێت زۆر نزم و لەسەرخۆیه.
٢/ وشەی تابۆ بەکارهێنانی وشەی تابۆ لای وەستا و شاگردەکانی له ناوچەی پیشەسازی و شوێنی کارەکەیان زۆر بەر گوێ دەکەوێت و بەهۆی نەبوونی سانسۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەم بەکارهێنانانەش بۆ تانه و تەشەر و گاڵتەئامێز، بەڵام لای پزیشکان ناو هێنانی وشه تابۆکان بۆ گاڵته و تانەوتەشەر نییه به شێوەی ڕەها بەکار ناهێنرێت.
٣/زۆربەی ئەو وشه و زاراوانەی که وەستاکارانی ناوچەی پیشەسازی بەکاری دەهێنن بریتییه له ناوی ئامێرەکان یان پارچەکانی ئۆتۆمبێل یان کێشەی ئۆتۆمبێل، بەڵام ئەو وشه و زاراوانەی پزیشکەکان بەکاری دەهێنن زۆرتر بریتییه له ناوی دەرمان و جۆری نەخۆشی و ناتەندروستی کام ئەندامی لەش. ئەنجام، له کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەم چەند خاڵەی خوارەوە وەک ئەنجام: یەکەم بوونی چەند شێوازێکی ئاخاوتن ئەمەش ئەنجامی جیاوازی کۆمەڵایەتی پەیدا بووە. دووەم دەربڕین جیاواز بەهۆی جیاوازی له پیشه و پسپۆڕییانەی له کۆمەڵگادا هەن. بێگومان بوونی هەر پیشەیەک و تایبەتمەندییەکانی وا دەکات که زمانەکه جیاواز بێت. سێیەم بەرزی ئاوازی دەربڕین لای پیشەوەرانی ناوچەی پیشەسازی به هۆکاری ژینگەی پڕ له دەنگەدەنگ و ژاوەژاو ئەمەش بۆته هۆی جیاوازی له ئاستی دەنگسازی ئاخێوەرانی ئەم ناوچەیه. ٤/ نزمی ئاوازی دەربڕین لای پزیشکان و تەندروستکاران، بێگومان ئەمەش بۆ ئارامی ژینگه و نەبوونی ژاوەژاو و ناپێویستی دەنگ بەرزکردنەوە دەگەڕێتەوە. پێنجەم ئاشنابوون به چەندین وشه و زاراوەی تایبەت به پیشه جیاوازەکان.

ئەنجام

١- بوونی چەند شێوازێکی جیاوازی ئاخاوتن، ئەمەش له ئەنجامی جیاوازییه کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدابووە.
٢- دەربڕینی جیاواز بەهۆی جیاوازی له پێشه و ئەو پسپۆڕییانەی که له کۆمەڵگەدا هەن؛ بێگومان بوونی هەر پێشەیەک و تایبەتمەندییان وا دەکات که زمانەکەش جیاواز بێت.
٣- بەرزیی ئاوازی دەربڕین لەلای پێشەوەران له ناوچەی پێشەسازی بەهۆی کاریگەریی ژینگەی پڕ له دەنگ و ژاوەژاو، ئەمەش بووەته هۆی جیاوازی له ئاستی دەنگسازیی ئاخێوەران لەم ناوچەیەدا.
٤- نزمیی ئاوازی دەربڕین لەلای پزیشک و تەندروستکاران؛ بێگومان ئەمەش بۆ ئارامیی ژینگەکە و نەبوونی ژاوەژاو و ناپێویستیی دەنگ بەرزکردنەوە دەگەڕێتەوە.
٥- ئاشنابوون به چەندین وشه و زاراوەی تایبەت به پێشه جیاوازەکان.

..............................................................................................................

١ / ستێفن ئۆلمان زمانناسێکی بەرەگەز مەجارییه، له ساڵی ١٩١٤ له بۆدابۆست (بوداپێست) هاتووەته دنیاوە، زمانناسێکی بەتوانا بووە و بەتایبەت له باسی واتا (واتازانی) له دەوروبەری جیاوازدا کاری باشی ئەنجام داوە، هەروەها وەک وانەبێژ بووە له زانکۆی ئۆکسفۆرد و زۆربەی ژیانی له ئینگلتەرا بەسەر بردووە تا له ساڵی ١٩٧٦ له ئینگلتەرا کۆچی دوایی کردووە.
([2]) ئەو هێڵە شکاوانەی کۆتایی ڕستەکان هێمایه بۆ بەرزی ئاوازی دەربڕین
([3]) ئەو هێڵە شکاوانەی سەربەرەو خوار هێمایه بۆ نزمی ئاوازی دەربرین



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

ليستی سەرچاوەکان

أ/ سەرچاوە کوردییەکان

1.ئالاء محمد عبدالرحمن (٢٠١٥)، پەرچەواتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

2.عبدالوافی، و. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم (٢٠٠٦)، زانستی زمان، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

3.عبدالله گەرمیانی (٢٠١٣)، زمان و زانستەکانی کۆمەڵگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر. وەرگێڕدراو

4.عەبدولواحید موشیر دزەیی و دانا تەحسین و دەروون عبدالرحمن صاڵح (٢٠١٥)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

5.فوئاد عبدالرحمن (٢٠٠٩)، بیر ، ئاوەز، زمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٦. محمد ڕەزا باتای (٢٠١٢)، و. هێرش کەریم، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٧- هێمن عەبدولحەمید شەمس،(٢٠٠٦) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،

ب/ لیستی سەرچاوە بیانی(عەرەبی ، ئینگلیزی)

١. عبدالقادر علي الرزوقي (٢٠١٨)، *الجماعات اللسانية وعلم اللغة الاجتماعي*، مجلة باحث في العلوم الإنسانية والاجتماعية، عدد ٣٥.

٢. عبدالحميد بسعيد (٢٠١٢-٢٠١٣)، *آليات التنوع اللغوي بمنطقة تلمسان*، رسالة ماجستير، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية، جامعة أبي بكر بلقايد تلمسان، الجزائر .

٣. محمد عفيف الدين الدمياطي (٢٠١٧)، *مدخل إلى علم اللغة الاجتماعي*، الطبعة الثانية، مكتب لسان عربي للنشر والتوزيع، إندونيسيا .

Agatha Greis Vita2018; An analysis of speech styles; Sanata Dharna Universty .4 Yogyakarta

5.الغة والمجتمع / انترنيت )( www.pdffactory.com )

List of sources

A. Kurdish sources

1. Alaa Mohammed Abdulrahman (2015), Interpretation in Cosmology, Faculty of Language and Humanities, Sulaimani University.

.2 Abdul Wafi, W. Ibrahim Aziz Ibrahim (2006), Language Science, 1st Edition, General Directorate of Printing and Publishing, Erbil.

.3 Abdullah Garmyani (2013), Language and Sciences of Society, 1st Edition, Rojhelat Printing House, Erbil. Translated

4. Abdulwahid Moshir Dzeyi, Dana Tahsin and Daroon Abdulrahman Saleh (2015), Phonetics and Phonology, 2nd Edition, Hevi Printing House, Erbil.

5. Fuad Abdulrahman (2009), Bir, Awaz, Zaman, Sardam Publishing House, Sulaimani.

.6 Mohammad Reza Batai (2012), p. Hersh Karim, New Linguistic Articles, First Edition, Sardam Printing House, Sulaimani.

7- Hemn Abdulhamid Shams, (2006) Style and Expression in Social Occasions, Master's Thesis, College of Education, Koya University,

b) List of foreign sources (Arabic, English)

1. Abdul Qadir Ali al-Razouki (2018), Linguistic Communities and Social Linguistics, Journal of Research in Humanities and Social Sciences, No.

2. Abdul Hamid Basaeed (2012-2013), Linguistic Diversity Tools in Tel Aviv Region, Master's Thesis, Faculty of Humanities and Social Sciences, Abi Bakr Belqaid University Telmsan, Algeria.

3. Mohammed Afif al-Din al-Damyati (2017), Introduction to Sociolinguistics, Second Edition, Arabic Language Office for Publishing and Distribution, Indonesia.

Agatha Gray Vita2018; An analysis of speech styles; Sanata Dharna Universty .4 Yogyakarta

.5 Language and Society / Internet )( www.pdffactory.com)